لەبڵاوکراوەکانی بنکەی صفار ژمارە -٧-




منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# نمەی نوور

نوها مەلا زادە

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

نمەی نوور

# نمەی نوور

**بابەت:** شعر

**نووسینی:** نوها مەلا زادە

**تایپ:** هێمن گەردی

**دیزاینی ناوەوە:** محمد حسین خەتی

**بەرگ:** ئیبراهیم صالح

**چاپ:** یەکەم-٢٠١٩

**تیراژ:** : ١٠٠٠

**قەبارە:** ١٤ سم × ٢١ سم

**ژمارەی لاپەرە:** ٩٢

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (٩٨٣) ی وەرگرتووە

# نمـەی نــوور

نوها مەلا زادە

چاپی یەکەم

هەولێر - ٢٠١٩

# "پێشکەشە بە"

- بەهەموو نوور دۆست و خاوەن نووریێ.
- بەتایبەت دایك و باوکم کە بەنوور یان ناساندوم و هەمیشە هاندەرم بوون تا خامەکەم لەپەیف دانەبڕێ.
- بەهاوسەری خۆشەویستم کەبوو بەسابات و ئەویندار ی شیعرەکانم.
- بە "مونتەها"ی خوشکم کەمەحرەمی ڕاز و هاوخوانی شیعرم بووە

# "سوپاس و پێزانین"

❖ سوپاس و رێز و وەفام بۆ هەموو ئەو بەرێزانە هەیە گەر بە وشەیەکیش هاوکارم بووبن لەئەزموونی شیعرم دا،

بەتایبەت:

❖ "کاك هێمن گەردی" کە ئەرکی زۆری بە شیعرەکانمەوە کێشا.

❖ "کاك ئومێد چالاك و "یاخی" کە شیعرەکانمیان هەڵسەنگاند.

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەیعەت | ١١ |
| غەی نوور | ١٤ |
| ناڵەی عەشق | ١٩ |
| تاسەی بێ سنوور | ٢١ |
| نووری ئەوین | ٢٣ |
| لەبەفر پاکتر | ٢٤ |
| نووری چاوان | ٢٥ |
| سپێدەی نوور | ٢٧ |
| عەشقی من | ٣٠ |
| تافگەی عەشق | ٣٢ |
| ئەشکی عەشق | ٣٥ |
| ئەویندارێکی نامۆ | ٣٩ |
| ژوانی دڵ | ٤١ |
| بارانی ئەوین | ٤٣ |
| خۆڵەمێشی دڵ | ٤٥ |
| شەمعی دەروون | ٤٧ |
| دوای هەناسەی مەرگ | ٥٠ |
| شنەی ئەوین | ٥٤ |
| سپێدەی ژین | ٥٦ |
| یادی بوون | ٦٠ |
| بۆ سەروەرم | ٦٢ |
| شنەی یاد | ٦٤ |

| | |
|---|---|
| یادی هیجرەت | ٦٦ |
| تاسەی سەفەر | ٦٨ |
| تاقانەکەی بوون | ٧٠ |
| تۆ پێشەوای | ٧٢ |
| هەستی ئەوین | ٧٣ |
| ئازیزەکەی دوورە چاوم | ٧٥ |
| پەیامی دڵ | ٧٧ |
| خوناوەی خۆشەویستی | ٨٧ |
| هەڵوێست | ٨٩ |
| بەرەو مەدینە | ٩١ |

# پێشەکی:

شیعر ڕازی دڵێکی بیمار و هەست و سۆزی ئەوینێکە بەرکوڵی ناخی کەسێکە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیەکاندا دێتە جۆش و خامە پڕ دەبێ لەتنۆکی ئەوین،

شیعر بۆ هەناسە و بۆ ژیان .... بۆ لەتێ نانی ئازادی... بۆ تیمار و بۆ ڕۆشنایی....

لەگەڵ شیعردا هەنگاوەکان بە گوڕتر و هەناسەکان گەرمترن، دەچن بەناخی دەمار و لەگەڵ خوێندا ڕێ تەی دەکەن...

بەلاّم بیرتان نەچێ ئەمە دەبێ شیعرێ بێ لەهەست و سۆزێکی پاك و پاك و ڕاستگۆوە هەڵقوڵابێ....

ئاوێتەی هەنسك و ئازار و خۆشی و شادی گەلەکەی بێ، بۆ ڕووناکی پەروانەبێ و لەگەڵ تاریکی دا مۆم بێ، من دەمێکە پەیڤەکانم ڕازی بە ناملکە بوون دەدرکێنن، دەمێکە ئەویندارانی شیعر داوای ڕازی وشە و هەناسەی شیعرم لێ دەکەن...

بۆیە ئێستا دەمەوێ چاو و دڵتان ئاشنا بکەم بەچەند شیعرێ کە تەنها بۆ سەروەرمان نوسیومە...

دەمەوێ تاسەی دڵتان بە تینترکەم و ناختان پڕکەم لە عەشق و چاوتان پڕکەم لەبارانی سۆز و وەفا...

ئێستا ناخم پڕیەتی لەگەوارەی ئەوین و چەند دڵۆپێ بەسیماتان دەپڕژێنم تاکو تەپو تۆزی حەسرەتی دووری لە ڕوخسارتان بتەکێنم...

شیعرەکانم ئەگەرچی لە ئاستێکی باڵادا نەبن

بەڵام دەستە و ئەژنۆ بۆ باڵاترین کەسی زەوی هاتوونەبوون دەیکەمە دیاری دڵتان و سوپاس بۆ هەر کەسێ کە بەرچاوم ڕۆشن دەکا و هەڵەکانم نیشان دەدا.

**نوها مەلازادە**

**پاییزی ٢٠١٩**

# بەیعەت

پەیامبەرم
دوای غوربەتی ئەم فیڕاقە
پۆلی شیعرم لەڕێگایە
ئێستا لەنێو تینوو تاوی ئەم وەحشەتی بێ لیقایە
بووم بەهەڵم و بەباڵای ئاسمان هەڵگەڕام
هاتوومە نێو کۆشی هەور و
تا لەگەڵ بارانی ئەوین
بەسەر گۆنای غەمباری دڵ دابباریم
ئێستا دڵم لانەی غەمی ئێواران و
هیوای سپێدەی خۆرنشینە
قاچەکانم نامبەنەوە
تا لەلێواری بەقیعدا تاوێ تینی باران داکەم
دەمەوێ بێم تا لە هەناوی ـ ئوحود ـ دا
سەر پۆشێك بۆ شیعرەکانم بچنمەوە
پێنوسەکەم بێڵی ئەوینی تازەیە و
لەسەر ڕێگای هیجرەتی تۆ
گۆڕێك بۆ تەرمی لانەوازم هەڵدەکەنێ
ئیدی چاو نابڕمە ڕێگای دووری

هەنگاوەکانم بەگوڕتر
بەرەو مەزاری بێ لیقام بەڕێ دەخەم
لەنێو ئەم هەموو هاوار و ناڵە و فوغان و ئێشەدا
دەمەوێ بێم ..
تا لەخۆڵەمێشی عیشقت خۆم وون بکەم

ڕابەرەکەم ...
ڕێگام ڕوونە بەڕووناکیت
ڕووم کردۆتە سەری لوتکە و
تا ماڵی شەبەنگ ناوەستم
ئەوینم تینی ڕێگایە و
خوێنم هەوێنی هەتوانە

کام گەردەلول باڵای شاخم دەهەژێنێ
کەزەوی ناو قەدی گرتووە؟!
کام تارمایی ڕووی خۆرم لێ دەتۆرێنێ
کە ئاسمان لەباوەشی کردووە ؟!
من لەشاخم ...
چون هۆزی شاخت پێ ناساندووم
من لەخۆرم چوون نووری تۆم لەئامێزە
دیداری تۆ سەودای کردووم

بۆیە هەنگا و بێ شەکەت بوون
بەرە و میحڕابی عەشقت دێ
لەسێبەری باڵای دڵم
بەیعەتێکم بۆ ئەبەدی هەڵواسیووە
ئەمیش (ڕێبواری ڕێگای تۆم)
تا دوا ترپە و
تادوا هەناسەم ناسیووە

٣-٢-٢٠١١ پێنج شەممە

## نمەی نوور

وەرە باران ...
زەمەنێکە نیگای وێڵم
بۆ سکونەتی تەڕایی ڕۆحت
لەخەراباتی سارای عەدەم بۆت ئەگەڕێ
دەهرێکە پێڵوم بۆ سەرچاوم نایێتەوە و
لەوشکایی نەبوونی تۆ
وا خەریکە فەنا ئەبێ ...
وا دێم بەشوێن (پێ) کانت دا
تا سۆراغی دیدارێکت بناسمەوە ....
تا ووجودت لەم عەسرەدا
بۆ هەتوانی ڕۆحی ماندووم بدۆزمەوە ...
تا گەیشتمە ژێر سەیوانی ئەوینی تۆ
سەرنجم دا ...
بۆ فیڕاقی ئەم مەغریبەم
بەهارێك و وەرزێك بارانت بۆم جێ هێشتووە
کە هاتمە ژێر سەیوانی تۆ
نیگای خۆرم دۆزیەوە ...
تیشکی نوورت بوو بەئەدڕەس

تا باڵام بگاتە هەورێ مشتێ نزای پێ بسپێرم
ئەوینی تۆ پاسەپۆرتی مەملەکەتی پەپوولەیە
پەپوولەکەی بەهاری نوور
نێرگزی چاوی ئەوینم
لەم پاییزی ڕوو خەزانە
ناکەومە بەرهیچ دەوارێ
سکونەتی تیا دەست کەوێ
هیچ کانیاوێ نادۆزمەوە
تامی ئاوی سازگاری (تۆ)و
نمەی نووری تیا هەڵقوڵێ
هیچ ڕێگایەك نامباتەوە بەردەم ماڵی شەبەنگ و
شوعلە قردێلەی بدا
لەیەخەی تۆزاوی سەفەرم
کەڕووم کردە ئاسمانی تۆ
دیداری تۆم لەتەوێڵی مانگ ناسیەوە
ئەرێ باران ...
زەمەنێکە دڵۆپەکان
لەسنووری چاوم قەتیس ماون ...
زەمەنێکە هەوری دڵم دێتە ئێرە و
تا بەیادت بیابان تەڕکا ...
نەگەیشتمە باڵای ئاسمان

شا سەیوانی تۆشم نەبوو
وەلێ هاتووم ئەشکەکانم
لەپەنجەرەی خەونێکم دا
بۆ حەسرەتی فیراقی تۆ بنووسمەوە
تا لەحزوور سووتانی مۆم
چاوەکانم داگیر سێنم و
بۆ ئەوینت بتوێمەوە
ئەری باران ...
لێرە نازی ئەوینی تۆ ناسنامەیە و
ورد ... ورد .. ناخم دەشواتەوە
تینووم ... تینوو بەشەونمی چاوی تەری تۆیە تینووم
بەرماڵی ئەوینم هێناوە
بەسکونەت تەڕ ...تەڕی کە
تا لەوسەری سارای دووری
لە ولاتم بۆ ولاتت
پاییز دەمە دادگای زستان
نەخشەی بەهار بنەخشێنم ...
کەشتی دڵم سەوڵی ئەوینی ڕووی تۆیە و
بەرە و تاڤگە هەنگاو دێنم
تا لەفەنا بوونی ڕۆحا بگەمە با خەڵی ئاو و
ئەشکەکانت کۆکەمەوە

ئەریٚ ئازیز ...
قاچەکانم شەکەت بوون و
ڕێگای (ڕووت)م نەدۆزیەوە
هاتووم بەرە و شەوقی نوورت
تا لە لەحزەی باڵ گرتن دا
بفرِم بەرە و خۆری شادی
کەچی لەسەر ڕێگای دووریت
وەستام لەسەر مەزاری تۆ
دڵی خۆرم نەدایەوە
حەزەکانم بەساڵا چوون
لەحەژمەت داخی فیرِاقت
پشتیان کورِ .. کورِ ... بەرە و زەوی چەمانەوە
ئێستاش هەردێم
تا دیدارێکی سەر گڵگۆت
تەمی دووریم بتەکێنێ
تا لە هەناوی هاژە برِوێنم
سەر نێمە سەر سەرینی ئاو
بۆ گەیشتن بەدیدارت لەگەڵ ڕووبار هەنگاو نێم و
لەچاوی هەورا بارێم

بچمە نێو دڵی کانیاو و

لەژێر پێی شاخ

نەرم ... نەرم ... دابچۆڕێم.

٢٠١١-١-٣١

# ناڵەی عەشق

وەرە ئازیزم . حاڵم ببینە
ڕۆژگارم غەم و. شەوگارم شینە
دووریت زامێکی ، سەخت و بەسۆیە
هەتوانی ناخم ، دیداری تۆیە
شەو بەهیوای ڕووی ، خۆری ڕووی تۆ دێم
کەچی بێ هودا ، جێی دەهێڵم جێم
حەز ئەکەم شەمی ، ڕێی مەدینەبم
یاخوود پەروانەی ، ئەم ئەوینەبم
من لە میحڕابی ، عیشقت سووتاوم
وا دێم بەنوورت ، کەلێت جێماوم
ئەی ڕۆشنایی دڵ ، ترپەی ئەوینم
بێ هەناسەی تۆ ، زۆر تاڵە ژینم
تا نێمە حزوور ، ڕوون نەبێ چاوم
لەنێو باوەشی ، غەم دیلکراوم
فرمێسکم ورد ورد، عەشق ئەنوێنێ
سەیلی بارانی ، تاڤگە ئەخوێنێ

بووم بە پەروانەی ، ڕێگاکەی گڵکۆت
لەحەژمەت دووریت ، سووتاوە دڵ بۆت
ناخم ناوی تۆی ، لەئامێز ناوە
بەگڕی سەودایی ، بۆتۆ سووتاوە

٢٠١٠-١١-٢٥

## تاسەی بێ سنوور

لەدەروونی پرتاسەم
هێندەی دووری هەناسەم
سلاوی پڕ ئەوینم
بۆت دەنێرم تاکو هەم

پەیامبەری شیرینم
سەرداری دونیا و دینم
دڵ دەسووتێ بۆدیدەن
زۆر بەهیوام بتبینم

بەکانیاوی سازگارت
لەباغی پڕ گوڵزارت
گەش ڕواوە دەروونم
لەسەر خوانی ڕێزدارت

ئەی ڕووناکی چاوانم
تاکە خۆری بۆ ژیانم
سروەی بەهاری ئەوین
لەسایەت شادومانم

تا گیان لە لەش دێتەر
هەرتۆی پێشەواو ڕابەر
تۆ جێت هێشتم لەغوربەت
دەبمە غوباری سەفەر

ئەی پێشەوا و سەروەرم
من بەتۆ بەختەوەرم
لەنێو کۆشی بەهارم
بەپاییز هەڵناوەرم

بەویستی خوا سەرداری
خەلاتێ بووی لای (باری)
کەهاتی میهری خودا
بۆ کێڵگەمان داباری

٢٠١٠-٢-٤

## نووری ئەوین

دڵم کانیاوی ئەوینە، کلّپە ئەدا لەنێو سینە
سەیلی بارانی وەفایە، دەبارێ بۆشای مەدینە

من کە هاتم لێرە نەبووی، دەمێکە بۆت جەفا کێشم
لەنێو ژانی ژینا کەوتووم، بۆ دیدارت دڵ پڕ ئێشم

کەچی هەردێم ڕێ وون ناکەم، خۆشم دەوێی ئەی سەرووەرم
ڕێگام ڕوونە بەنووری تۆ، بەئەوینت بەختەوەرم

لەتالأوی ژینا کەوتووم، کەلەتۆ دوورم ئەی دیدەم
دێم تا لەسەر کەوسەری تۆ، سوکنایی بێ ناخ و دیدەم

بەبارانی عیشقت ئاشنام، بۆیە پاراوە هەناوم
کەئەوینت سەیوانم بێ، چۆن سووتاوی بەرهەتاوم

٢٠١١-٧-٣٠

# لەبەفر پاکتر

ئەی پێشەوای ڕاستی ژینم، خۆشم دەوێی بێ کۆتایی
لەسێبەری ئەوینی تۆ، دێم بۆ کانیاوی سوکنایی

زەمەنێکە لەمەغریبی، غوربەت غەریب و غەمناکم
هەناسەم هاژەی هیوایە، دێمە لات ئەی گوڵی تاکم

چاوم بۆ نووری ئەوینت، مەشخەڵی شەوی هیجرانە
هاتووم لەهەیوانی سۆزت، دڵ کە سووتاوی یەك ژوانە

لێرە دیدە بوو بە خوێناو، ناخم خوێناوی بۆتۆیە
میوانمکە لەسەر کەوسەر، دووریت زامێکی بەسۆیە

بەبارانی ئەوینی تۆ، دەروون بەهارە ئێستاکە
من ئەوینداری کەسێکم، سپی تر لەبەفری پاکە

لەئازاری ئەم زەمینە، فرمێسکی تۆم لەچنگ ناوە
پەیامەکەت خۆری ژینە، تیشکی لەنێو دڵم داوە

٦-٨-٢٠١١

## نووری چاوان

ئەی پێشەواکەم نووری چاوانی
خۆشەویستی من ئارامی گیانی
دێمە ژێر سایەی ساباتی سۆزت
گەشترین خۆری ئاسمانی جوانی

لەم ڕێگە و ڕێچکە کەند و لارانە
دڵم ئارامە تۆی لا میوانە
مەحاڵە هەرگیز لەیادت بکەم
کەس لەتۆ ناچێ هەرتۆی تاقانە

تا مەرگم بۆدێ مەرد بژیم دەبێ
نابێ بووەستم ژینیشم ژان بێ
تۆ فێرت کردووم دەبێ ئاوابم
سەربازی تۆبم چۆن نابێ وابێ

مەینەت دەکێشم بۆ ئازاری تۆ
تینوومە تینوو بۆ دیداری تۆ
دەبڕم ئەو ڕێیەی بەرە و لای تۆیە
کە دڵ بووەتە ئەویینداری تۆ

خۆشەویستی بۆت وەك تاوی باران
نم ..نم .. ئەباری لەچاوی یاران
منیش یاوەری دووری ئەم چەرخەم
دەبمە پەروانەی شەمعت بۆ سووتان

٢٠١٠-١-٢٩/٢٨

# سپێدەی نوور

(١٢ چوارین بۆ ١٢ ربیع الاول)

ئەمڕۆ مەولودە لەمیحڕابی نوور
لەکوردستانە عەشقی بێ سنوور
کەتۆ سەروەری چاوم گەش هەڵدێ
دێم بەرە و لای تۆ دەگرم ڕێگەی دوور

١-٣-٢٠١٠

کەهاتی هێنات مژدەی ئازادی
مەردوومت خستە ژێر سایەی شادی
گەرچی نەهاتم نەبوومە یاوەر
لەتاراوگەوە تۆم هەر لەیادی

تۆ لێرە نەبووی منیش لەنەبوون
ژیان لەژان و بەرە و لێژی چوون
هەزاران خودا بەگفتی خۆیان
خاوەنی زەوی و مان و مردن بوون

بووی بەڕووناکی بۆ شەوی دەیجوور
دڵی تاریکیت کرد بەناخی نوور
ڕۆشنایی چاوم ئەوینی تۆیە
خوایە بێستانم لەیارنەکەی دوور

ئاسمان کەتۆی دی هێندە ڕووناکی
بەسۆز و ئەوین لەسەر ڕووی خاکی
ڕووخساری (خۆر)ی زەرد هەڵگەڕاوە
چونکە دەزانێ کە هەر تۆتاکی

بەئۆخەی هاتی بۆ ناڵەی هەژار
بوو بەخاوەن ڕێز دایەی وەفادار
من لەباوەشی ئیسلام سەنگینم
درووودت لێبێ بێ ڕادە و ئەژمار

تۆ وەك بارانی ڕەحمەتی (باری)
لەباخی دڵمان سەوزی بەهاری
دەبینە پێشەنگ لەکاروانی نوور
چونکە بۆ ڕێمان هەرتۆ سەرداری ٢٠١٠-٣-٢٠/١٩

ئیدی بینایم هەمیشە ڕوونە
چونکە ڕووناکی خۆرت لەبوونە
ڕۆشنایی چاو و مامۆستام هەرتۆی
چونکە ئەوینت بۆ بەهەشت چوونە

کەهاتی هاتم بۆ ژێر چەتری تۆ
لەترپەی دڵم ئازیزتری تۆ
پەیامی ڕاستی و برایت هێنا
هەمیشە پاکی وێنەی بەفری تۆ ٢٠١٠-١١-١٦

ناخم بەئاوی ئەوینت تەڕە
هەناسەت بۆنی ئارامی و فەڕە
وات بۆ دەنووسم کەچاو دەیرێژێ
دڵم لەتاسەت کردۆتەپەڕە ٢٠١٠-١٠-٢٩/٢٨

دەمێکە بەشمە تاڵاوی دووری
سەفەریش نیە بۆم بێ سەبووری
خوایە لەمیهرت دڵۆپی بەسمە
بمبەوەلای خۆت بەڕوخسار سووری ٢٠١٠-١١-٣٠

نازی ئەوینت دەخەمە ناخم
شنەی بەهاری بۆ وەرزی باخم
بۆنی تۆی لێ دێ هەوارم گەرچی
بەئاگری دووریت دەمێکە داخم ٢٠١٠-١٢-١

# عەشقی من

ئەی عەشقی پاك
ئەی ڕێبواری شادەماری دڵەی ڕووناك
هەواری تۆ لە ناخمایە
ئەم دەرونەم تەنها بۆتۆ مەنزڵگایە
مەحاڵە ساتێ وونت کەم
چونکە شەوقت بێ کۆتایە
ئەی نەسیمی گوڵزاری گەش
سروەی ڕۆحی تۆم هیوایە
لەباوەشمی دەتگرمە خۆ
بێ تۆ دڵم لەفەنایە
ئەی ئەوینم بۆت دەسووتێم
دەسووتێم پێت عەشق وایە
عەشقم نووری نوورستانە
هەر لەبەهار
تاسەفەر و دوا مەنزڵگە لەگەڵمایە
تیشکی دیدە و گۆچانی ڕێ و
بۆ شەوگاری من چرایە

دڵنیابن ئەوینەکەم

نادۆڕێنم ڕاستی لیایە

ئەی سەروەرم ئەم عەشقەی من تەنها عەشقی تۆ و خودایە

٢٠٠٨-١٠-١٣

# تاڤگەی عەشق

دیدەکەم ئاخر هەتاکەی حەسرەتی دیدانە بێ
بوو بە بووریان دڵ و سینە کە دەیجوور ئاوانەبێ

شەو کە لێلاّیی دیدەم دێ، بۆ دیدارت چاوەڕێم
من کە هاتم تۆ لەوێ بووی، ئەی دڵەی پرسانەبێ

دەمەوێ بێم خاکو خۆڵی سارای شارت بۆن بکەم
کەچی ڕێ نامگرێتە خۆ خاکی کوێم بۆ لانەبێ

من لەگەڵ ناڵینی زیکرێ ناڵە ناڵی دڵ ئەکەم
تۆ کە ڕۆیشتی ئەزیزم بەچی دڵ شادانەبێ

من کە هاتم بۆ سەر حەوزت ساقی بمدێ بادەکەت
تا بینایی چاوەکانم فیدای یەك مەستانەبێ

چوون دەمێکە لەمەغریبی غوربەتامن غەریب ماوم
نیگام سووتاوی بالآتە کە ماهت تابانەبێ

شیعرەکانم دەستە و ئەژنۆ بۆ سەری شاهانەکەت
دەبنە خاکی بەر پێی نوورت با دڵیش دێوانەبێ

تۆ کە ئێرەت پڕ فیڕاق کرد حوجرەکەی تۆم بەرنەدا
نەوەی تازەی دینەکەتم کە گاوان باوانەبێ

من نەبووم تا بێمە مەیدان پڕکەم لەخوێنی نەیار
ئێستا لەمەیدانی عیشقا یاری تۆم پەیمانەبێ

شەبەنگی شانووری شەوقت ڕەوشەنی کردووە سینەم
سبەی ساتێ سۆزی سەروەر چۆن بۆم تەماشانەبێ

دڵی پر خوێنی ئەوینم کردۆتە میحرابی نوورت
تا لەوێ ئیدی فەنایی تەمی ئەم هیجرانەبێ

تۆ کەداری بێ دڵ و گیان بخەیتە شیوەن و زاری
جا چۆن دڵم بۆت نەسووتێ تا مەزۆری ئەم ژیانەبێ

من ئەگەر دێوانەی ڕووتم ڕوو لە ڕووگەی حەق ئەکەم
وەفا ئەکەم بۆ وەفاکەت چۆن پشتم لەم جوانەبێ

خۆ هەر میوانی دووریمە چونکە ڕێگەکەم دوورە
نیە ژوان و سەفەر شادی خوانە فەنای ئەم ژانەبێ

دەستم خستە باخەڵی دڵ مشتێ شیعرت بۆ بێنم
تا خوێناوی ئەم ئەوینە بەر لەم دوو چاوانە بێ

بووم بەشەونمێکی ڕژاو گوڵیش ڕووی بۆنەگرتم
ئێستا لەسەیوانی ژینا چیم لەم بەهارانەبێ

وەلێ لەهەیوانی ناخم هەوارم بۆتۆ هەیە
تۆی خۆری ئاسمانی شادیم با چش لەم هەورانەبێ

دێم بەرە و هاژەی کەوسەرت تاساوم ئەی ڕەسوڵم
تا شێواوی ئەم ڕووخسارە ئیدی لات لەمعانەبێ

لەگەڵ تاڤگەی چاوەکانما باریمە سەر سینەی سەحەر
تا دڵ غەرقی دەریای سۆزی ئەم ماهی ئاسمانەبێ

لەپرچی خۆری تاقانە تاڵێکم لەچنگ ناوە
تا ڕووی بەستەڵەکی فیراق با ئیدی بڕوانەبێ

تامی سەر سفرەی جەهالەت نا چێژم تۆم سەرورەری
بۆیە دڵ بڕیاری داوە بێبەری ئەم خوانەبێ

پەروانە سووتاوی عەشقە نوورە عیشقی بێ سنوور
خورشیدی سەر زەمینی تۆ کە دڵم پەروانەبێ

گوڵی سوورم بۆچی یە من کە خوێن سورایی عەشقە
دەبا ئەویش پێشکەشت بێ گەر شایەن ئەوشانەبێ

شادی چۆن بڕژێ لەچاوم کە سووری دووری تۆیە
گڕی مەحەببەت هەوێنی ئەم ناڵە و فوغانەبێ

ناخم پڕە لەحەسرەت و پڕ لەهەلاڵەی ئەوین
با ئەم شیعرە ڕازی دڵ و مشتێکی خەرمانەبێ

٢٠١١-١٠-١٦

# ئەشكی عەشق

بۆ شەمعی ڕوو دەناڵێنێ دڵ لەمیحرابی تەنیایی
دیارە گڵکۆش بێ دیدارم دەکا دەمبا بەسەودایی

ئەی دولبەرم ئاگری ئەوین سووتاندمی هەر بەجارێ
بۆیە دیدە تاو دادە کا لەهەوری غەم لەجودایی

عەیامێکە لەساباتی دووری تۆ من جەفا نۆشم
لەشەرمانا زەرد هەڵگەڕا خۆر کەتۆی دی، دیاری خوایی

کە دوو چاوی پڕ لەمیهرت هەڵێنا شەو چاوی داخست
شەمشەمە چەند خۆی دا لەعەرد سەری ناوە بە کوێرایی

جا چۆن ئەویندارت نەبم ئەی یوسفی تاقانەی ژین !؟
چۆن لەسەراب نەتوێمەوە وەك پەروانە لەشەیدایی

کلڵپە ئەدا بلێسەی دڵ لەتاو عیشقت ئەی ئازیزم
لەغروبی غوربەتێکا کەمن ماوم بێ بینایی

کام نێرگز و لالە گوڵی ڕوو ئاڵ وەك تۆ گەش ڕوخسارن ؟!
کەتۆیان دی دەبنە پاییز ڕەنگ زەرد دێنن لەڕیسوایی

ئیتر ئازیز ئۆقرەم نەما هەر دەڕۆم و ناگەم بەتۆ
سەیری ئەشکی سووری چاوو بۆن کرووزی پڕ هیوایی

خۆشەویستیت بەهارێکە چرۆی داوە لەنێو دڵم
زۆر ئەستەمە خەزان بێت و هەڵی بگرێ بۆ فەنایی

کوانێ خۆر و مانگی ڕووگەش چاو هەڵدێنن لەجوانی تۆ ؟!
هاتی شەوت کرد بەڕۆژگار ئەی خورشیدی پڕ ڕۆشنایی

تاکو دیدەم ڕۆشن نەکا لیقای نوورت قەت ناسرەوم
مەردووم بەتۆ ئاسوودەبوو ئەی ڕەحمەتی بێ کۆتایی

بۆیە منیش وەك پەروانە چاو دەبڕمە پرشنگی تۆ
تا نەمانی خۆڵەمێشم با بسوتێم لەتەنیایی

نوها کەتۆی لێرە نەدی بۆچی یە دی ؟ نەبێ چیدی
لەسەر صیراطی موحیببەت وا باڵەگرێ بۆ دادگایی

۱/۲-۷- ۲۰۰۸ دووشەممە

# ئەویندارێكی نامۆ

دڵ لەعەشقی تۆ دەسووتێ، دیدە ئەسرین دەبارێنێ
لەكانیاوی تۆ نەنۆشم، شادی ژینم هەرەس دێنێ

پەروانەی شەمعی باڵای تۆم، لەغوربەتا بۆ ڕووت ئەگریم
پڕ هەوراز و ئێش و ژانە، ئەو ڕێگایەی وەك تۆ بڕیم

ئەی سەروەری هەردوو جیهان، جیهان بەتۆ ڕۆشنایی دا
شەپۆڵی دا دەریای ئەوین، لەنێو میهری خودایی دا

چۆن ئەشكی چاو نەینمە حزوور ؟ بۆ وەسفی تۆ ئەی بیناییم
تابیكەمە شایەدی دڵ كەمن بۆتۆ لەشەیداییم

قوتابی تۆم مامۆستاكەم، گەرچی ڕێگاش پڕ هەورازە
من كەدیم تۆ تاكو لوتكە، هەنگاوت نابێ ئەندازە

چۆن تاریكی دەموەستێنن كە مەشخەڵم نووری تۆیە ؟!
سەرنانێمە سەرینی خەو، ڕووم لەجوانی ڕووی ئاسۆیە

چاك لێم ڕوونه هەنسکی شەو، ئەی ڕابەری ڕاستی ژینم
شەو بێداریت ئامانجه بۆ، هاتنەبەری پێکەنینم

ئیتر منیش دێمه خوانی سفرەی نوورت که بێخەوم
تادیداری حەوزی کەوسەر، بێ لیقای تۆ قەت ناسرەوم

ئەویندارێکی نامۆم و، تەنگه بەره ڕێی نامۆییم
گڕی ئەوین لەناخمایه ڕوو لەئاسۆ لەسەودابیم

بابوەستێ لێدانی دڵ کەبۆتۆیه بەبێ بۆیه
فێرت کردم ژیان بۆچی، سووتانی جەرگم بێ سۆیه

لەتاو دووری نیگات ئازیز، نوها ئێستا غەم دەنۆشێ
که ئاوابوو خۆری ڕووی تۆ، ڕۆژ بەرگی شادی ناپۆشێ ؟!

۲۰۰۸-۱۱-۱۳/۱۲ چوار شەممە

## ژوانی دڵ

لەگەڵ ئەشکی غەمباری چاو دێمە ژوانی تەنیایی خۆم
لەمیحرابی دووری دیدە کە ئەویندارێ دیدەی تۆم

دەمێکە دڵ دەناڵێنێ لەدووری تۆ جەفا نۆشە
ئەی ئازیزم تۆ ببینە دڵەی شەیدام بۆت پەرۆشە

دەسووتێت و خامۆش نابێ دڵ لەعیشقی گەورەیی تۆ
پڕ بەرازی ئەناڵێنێ بۆ لیقای پڕ ڕۆشنایی تۆ

لەسایەی تۆ شادە ناخم بەرە و باخی بەختەوەرم
مەنزڵ گەش و ڕوو نەبینم بە عیشقی تۆیە سەرروەرم

شەیدای کانیاوی پاکی تۆم وەك ڕێبواری تینوی سارا
لەنێو باغت شادومانم لەگەڵ نەسیمی گوڵزارا

گەرچی ڕێگا دوور و سەختە هەر ڕێبوارم تۆی ڕابەرم
نەبۆ زریان دێمە کڕنۆش نە بەپاییز هەڵدەوەرم

ئەی پەیامبەر گلێنەی چاو ئەوینداری باڵای تۆمە
لەم هیجرانە غەم میوان و بۆن برژاوی جەرگی خۆمە

لەسەودایی دادەبارێ ئەسرینی تاسەی دیدارم
ئیلاهی تۆ تواناداری شادم بکە بەسەردارم

زۆرم نۆشی ئاهی دووری بۆیە ئێستا دڵ زووخاوە
ئەی سەروەرم بێ ئەوینت ژیان مانای بەچی داوە !؟

ئەگەر ون کا ڕێبازی تۆ نوها بێ شك ڕەنجەڕۆیە
بەڵام ئازیز، وادێ بەدوات کە تینووی کەوسەری تۆیە

٢٢-٨-٢٠٠٨ هەینی

# بارانی ئەوین

خۆشەویستم ئەی بینایی هەردوو دیدەی پڕ لەتاسەم
سڵاوت لێبێ ئازیزم پڕ بەسینەی گشت هەناسەم

ئەشکە ڕێژم ئەی سەروەرم کە بارانی سەبووریمە
دڵ زوخاوە بێ سارێژم هێندە زامداری دووریمە

دێم بەرە و باوەشی خۆرت تۆ خورشیدی شەوی تاری
بەرە و ئاسۆی گەش و دیارم من ڕێبوار و تۆ سەرداری

لەنێو تەمی غوربەتی ئەم غەریبیە من هەمیشە
غەریب ماوم لەم هیجرانە، لەهیجرانت دڵ بەئێشە

گەرچی ئەمڕۆ لەشەوگارم تیشکی نوورت لەدڵمایە
دەناڵێ دڵ دەناڵێنێ وەك بولبولی بێ گوڵ وایە

دێمە ژێر ساباتی سۆزت بۆ ژوانی تۆ چاوەڕێمە
بێ دیدارت بەجێماوم ئەشکی سووری چاوە پێمە

هەر دەڕۆم و ناگەمەجیٚ نامگریٚتە خۆشاری شیرین
بۆیە لەژیٚر ساباتی غەم منم هاوڕیٚی ژان و ئەسرین

خۆشەویستیم بیٚ سنوورە هەر بۆتۆیە ئەی ئازیزم
بیٚ نەسیمی ئەوینی تۆ گەڵای زەردی نیٚو پاییزم

کەمن لەنیٚو حەسرەت و ژان لەدووری تۆ بەجیٚماوم
دیٚوانەی سارای ناخی غەم بەگڕی عەشقی تۆ سوتاوم

ئەی ماهی تابانی دەیجوور ئیٚستاکەمن بۆتۆ ویٚڵم
لەئازاری فیراقی تۆ بەچاوانم غەم دەکیٚڵم

ئاخر هاتم تۆ ڕۆیشتی، کەمن هاتم لیٚرە نەبووی
هاتم بەرە و دیداری تۆ، تۆ بەرە و لای مەعشوقت چووی

بەڵام لەڕیٚ قەت لانادەم، تا دیٚمە سەر کەوسەری تۆ
ڕیٚی بەرە و تۆ چۆن نەناسیٚ ـ نوها ـ کەوا ڕەهبەری تۆ

# خۆڵەمێشی دڵ

لەژێر چەتری ئەوینی تۆ بارانی عەشق ئەبارێنم
لەکورەی دووری جێماوم باوەش لەشەم دەئاڵێنم

تۆ دوو دەستی میهرەبانی و کانیاوی سۆز و سەرداربووی
منت لەم دوورەوە ناسی لەئازاری من بێدار بووی

ئازیزەکەم ئەی هەوێنی شیعر و پەیڤی پڕ لەخوێنم
کوان نەیاری ئەم سەردەمە ؟! پەنجەکانیان تا بشکێنم

چۆن ئەتوانن لاری بکەن بالآی تۆ (بالاَ ئەوینم) ؟!
ئەبێ لێیان بقرتێنن هەرتۆ بەرزی خۆری ژینم

دڵم گڕکانی تۆڵەیە پەیڤەکانیان دەسووتێنم
گەر (حەسسان)یش لێرە نەبێ من نەوەی ـ صلاح الدین ـم

ئەی سەر قافڵەی کاروانەکەم من لای (گاوان)ەوە هاتووم
ئەها خۆڵەمێشی دڵم کەپەروانەی سووتاوی تۆم

بێ دیدەنی نیگای تۆبووم ئیدی نابێ بێ نیگابم
لەنازی ئەم ڕازە هاتووم، تالای تۆبم تەنیا نابم

کە سەیوانی ئەوینی تۆ سایە سەری سەودای من بێ
چیمە لەژانی ئەم ژینە، مەگەر دووریت نالّینم بێ

چەندە گریام بۆ یاوەریت بەلام ئۆخەی نەیارم نەبووم
ئەمڕۆ لێرە من عاشق و کەچی خوێشی سەردار نەبووم

دەشۆمەوە تاریکی شەو چاوی ئەستێرە هاوڕێمە
لەڕۆشنایی دادە چۆڕێم کۆشی مانگە کەوا جێمە

شمشێرەکەم وا لەپەنجەم، عیشقە بارێنی لەجەستە
شەڕی ئەوین بازی ئەکا بۆیە نەیار هێنە پەستە

ئەبێ دلّم بتوێتەوە بۆت کە تەنها ئەوەم هەیە
تێر ماچ ئەکەم ئەو گوللەیەی دیداری تۆی بەدواوەیە

شەممە ٢٣/٢٤ -١-٢٠١٠

## شەمعی دەروون

هۆ ئەوینە شیرینەکەم
چراو شەمعی داگیرساوی دەروونەکەم
تۆ سەر شێت نیت وەك ئەوینی هەرزەلاوی
تۆ گەمەی دەست بەتاڵی نیت
لەسەرقاڵی منت نەویَ
لەناخم دا باڵات کردووە و سێبەر بۆ سوتانم دەکەی
لەچاوم دا سیمات هەیە و
باران بۆ بەهار ساز دەکەی
لەژینم دا بوونت هەیە و تا نەبوونم
ڕێگا لەگەڵ من تەی دەکەی
هۆ ئەوینە باڵا بەرز و چوار شانەکەم
شوێنگە و لانەی پشووی دڵە قرچاوەکەم
تۆ ئارامگە و منیش زریان دەنەخشێنم
تۆ نەسیم و منیش دووری هەڵدەچنم
تۆ باوەشی میهرەبانی و منیش خەریکە وونت کەم
ئیتر هەرگیز بیَ تۆ ناژیم
تۆ ڕژایە نێو باغم و منیش گوڵزار
بۆ بەرۆکت دەنەخشێنم

وەك پەروانە بەرۆحت دا هەڵدەسورێم
دەبم بەهاورِازی مۆم و لەگەڵ سووتانیا دەچورێم
من بۆ رِووی تۆ
چاوەکانم بوون بەهەوری بارانێك و
تۆش دەمبینی و مشتێ نیگام پێ نابەخشێ
ئیتر دێمە ژوانی مانگ و
دەیکەم بەهاورِێی تەنیاییم
کۆشم پرِدەکەم لەتریفە
تاکو ئیدی نەتوێمەوە لەسەودایی
هۆ ئەوینم..
وەرە ببە دوانەی دڵم و ئەم غوربەتە غەریب مەکە
ببە هاورِازی سەفەر و
تا لای ساقی تەنیام مەکە
ئەها عەسرە و
منیش هاورِێی وەك تۆم ئەوێ
دڵ وابەستەی بیلبیلەی چاوانی تۆیە و
پێڵوت داخەی چۆن بسرەوێ ؟
بەرە و باوەشت رِائەکەم لێم وون مەبە
لەپایتەختی شاری دڵم هەرتۆم هەیە
تۆش ولاٚتم بێ کەس مەکە
وەرە سەرشانم هەڵت ئەگرم

ئەی ناسنامەی هەردوو چاوی پڕ ئەسرینم

من لێرەوە

لەتاڵاوی دووری ئەمرم

تۆش لەوێوە

داوای - صراطی - ناڵەو فوغان

ئاشنانم بکە بە مەعشقوم.

٣٠/٣١-١٠-٢٠٠٩ هەینی

# دوای هەناسەی مەرگ

ئێوارەیە
کاتژمێر: بورکانی دڵە و
مەفرەزەی منیش وشەیە
بەهار ڕەنگی خۆڵەمێشە و
پاییزیش گەرووی نووساوە
وەك ڕێبوارێ ورد ورد ڕێگام چنیەوە و
کە هاتیشم لێرە نەبووی
بۆ تامی ئاو
هاتمە سەر ـ کانی ـ بێگەردت
زانیم بەر لەهاتنم بۆ ئێرە
تاو دات کردبوو (باران)
هاتمە ژێر سایەی ئەوینت
تۆ سێبەرت سازاندوە و
منیش باوەشم لەبالآی خۆر ئالآندوە
تاڤگەی چاوم بۆ دووری دیدەنی تۆیەو
سوتانی تۆش بۆ نامۆییم هەڵگیرساوە

دەبمە پەروانەی شەمعی تۆ
من کە عاشقێکی برژوام
دەبمە غوباری سەفەری تۆ
من کە جێماوی غوربەتم
لەگەڵ هەناسەی سەحەر دێم و
ڕازەکانم دەدرکێنم
دەستم لەنێو دەستی مانگە و
ئاسمانم پێ دەناسێنێ
لەگەڵ هەمرو شتێك دا دوام
زانیم کەس لەتۆ ناچێ
ئەی کانیاوی میهرەبانی
ئەی هەڵگری دەریای میهر
لەژێر عەبای ڕەشی شەودا
لەباوەشی دێوەزمەی خەو
جیهان هەمووی ڕابینە قاقای مەرگی بوو
تۆش سپێدەی ڕۆشنایی بووی
شەوگار ئیدی چراخانە
دڵم نازی ئەوین ئەکا
لەهەیوانی ڕازی دووری
هۆ سەیوانی ئەوینی ڕوو
وەك تینوێتی سارای دووری

عەودالّی تۆم
تا بارانی دیداری تۆ تەڕم نەکا
لەسووتانم
تا دێم لەنێو حەشامەتی
ئەم هەموو ئاپۆڕای غەمە قەرارەگرم
دڵ نادەمە هیچ بەهارێ
لەگەڵ پاییز بموەرێنێ
خۆ من هاتم نەگەیشتم بەئاسمانی نیگاری تۆ
هۆ نیگارا ...
ئیدی چۆن چاوم بێ نوورت
تروسکایی شەو بیناکا
چۆن هەیوانی دڵم نەکەم
بەدیوەخانی عەشقی تۆ
لێرە شارم بێ بوونی تۆ خەراباتە
چاوم ئاسۆت بەدی نەکا
ڕۆژگاری شەو
شەوی تەم و بێ نەجاتە
هۆ سەر قافڵەی کاروانی نوور
من ڕێبازی تۆم ناسیووە
شەقامی عەشق
شادەماری دڵمی گرتووە

ڕاناوەستم تا دێمە لات

یان بەجەستە

یاخوود خوێنم بەر لەچاوم بۆت دەنێرم

١٤/١٥-١٠-٢٠١٠ یەك شەممە

# شنەی ئەوین

هاتووم لەبۆ کانیاوی تۆ ئەی پەیامبەر ئازیزەکەم
بیَ تۆ ژینم پەرێشانە پەژارە و ژان بەدی دەکەم

بۆ هەر رێیەك هەنگاو بنێم بەرە و رووم دیَ ژان و ئازار
بەهارێکی وات سازداوە هەردەم سەوزە پڕ لەگوڵزار

کەتۆ پێشەوای رێگامی بۆیە وارِوو لەبەرزیمە
تاهەم ئەویندارِی تۆمە بەرِابەریت زۆر رِازیمە

لەژێر سایەی ساباتی تۆ لەناخەوە ئاسوودەمە
رِوو لەهەر چەترێکی ترېم ئاکامەکەی مایەی غەمە

تینووی تەنیا سەرچاوەی تۆم بۆیە ئاوا بەشەیدایی
پێنووسەکەم لەدەست ناوە پەیڤم ناگا بەکۆتایی

دڵۆپێکە لەبەر دیدە لەنێو دەریا قوڵی وشەم
لەتاو عیشقت دەتوێمەوە وەکو پەروانەی دەوری شەم

بەو هیوایەم لەباغی تۆ هەر گوڵچن بم ئەی سەروەرم
چونکە ساتێ لێت بەدووربم وەکو پاییز هەڵدەوەرم

ڕێبوارێکم بەرە و تۆمە هەوراز و شەو نامترسێنن
تیشکی خۆرت لەدەروونە تاریکییەکان نایڕەوێنن

چێژی نەبڕاوەی ئەوینت وا چەقیوە لەنێو سینەم
لەدووریتا چۆن من شادبم کە ڕێبواری ڕێی ئەم دینەم

(نوها) بەهۆی خۆشەویستیت ئامادەیە بەگشت شێوە
یاخوود ژیان بەسەر بەرزی گەرنا مردن بێ بەرێوە

١٧/١٨-٩-٢٠٠٦ یەك شەممە

## سپێدەی ژین

بەخێر هاتی ...
بەخێرهاتی ئەی گزنگی خۆری ڕووناك
موژدەی سروەی شادیت هانی
ئەی خورشیدی پڕشنگدارم
لەشەوگاری فەنابووندا تۆ هەڵهاتی
بەخێرهاتی ئەی بەرزتر
لەوەی ئێمە ناسیومانی
هەرچەند دیدە نەیبینیوی
بەڵام هەردەم لەناخانی
عیشقت وەکو بەهارێکە
پاییز ڕێگای پێ نازانێ
گەر لەدەروون سەری هەڵدا
کە تۆهاتی ...
ئەی بارانی ڕەحمەتی خوا
بیابانی ژین
بوو بەباغی پڕ لەگوڵزار
کێڵگەی دڵان بووژانەوە

پاییز بەرگی زەردی گۆڕی
گەردوون سیمای جوانی هێنا
ئاسمان هەوری پڕ میهری خوای لەباوەش نا
پێشەواکەم
بۆ گەروی وشکی خنکاومان
تۆ کانیاوی
ئیتر ئێمە تینووی هیچ نین
تۆ کەشتی فریاد ڕەس و
ئیتر ئێمە لەخنکان نین
تۆ ئازادیت کردە خەڵات
ئیتر ئێمە کۆیلە و دیل نین
کە تۆ هاتی شەوت تۆراند
ئیتر ئێمە بەدوای کەس نین
تۆ گوڵزارت خستە ژیان
ئیتر بولبول لەشەیداین
بەخێرهاتی
ئەی ئەوینە بە باڵاکەی چرۆی دڵم
لەگەڵ میهری خودا هاتی
هێزی ئەژنۆی پێنووسەکەم لەحزوورتا
چ لاوازە
کە ناتوانێ وەسفت بکا

کەتۆ ئەوەی لای کردیگار وەسف کرای
لەو سەردەمەی لە
زەلکاوی نەزانینا
مەردووروم هەمووی لەخنکان بوون
تۆ ڕزگاریت کردە لێوار
لەهەنگاوەنان بووی بەلوتکە
بۆ هاوینمان بووی بەچەتر
بۆ هەتیوان بووی بەسایە
ئەی سەروەرم
کە تۆ هاتی بووی بەرابەر
ئیتر ئاسۆ لەچاومایە
ئەتۆ ئێشی ئوومەتەکەت خستە کۆڵت
ئێمەش ئێشی دووری تۆیە
لەکۆڵمانە
بێ تۆیی سەختە ئازیزم
کە داخێکە و لەناخمانە
یادت شنەی خەم ڕەوێنە
یادت دەکەین
ڕێبوارانت لەزیاد بونن بەبێ وێنە
عاشقانت لەسوتانت
لەدەوری بالآی شەمعی نوور

لەگەڵمانی و لەدڵمانی

هەر بەردواتین

گەر نزیك بین یاخوود لەدوور

٢٦/٢٧-٣-٢٠٠٧ سێ شەممە ٨ ربیع الاول ١٤٢٨ك

## یادی بوون

یادت نەشئەی شادی دڵە، ئەی سەروەرم یادت بەخێر
کەتۆ هاتی ڕۆشنت کرد، ڕێگای چوونی بەرە وهەڵدێر

بەیادی تۆ من خۆشحاڵم یادت مانای ئەوینە بۆم
سەردار و خۆشەویستی من سەودای نووری دیدەنی تۆم

گێژاوی زوڵمەت دەریابوو، مەردووم لەناویا دەخولاوە
کەتۆ هاتی بۆ ڕزگاری، شادیت هێنا لەلای خواوە

یادت دڵم تێر ئاو دەکا، دەسا سڵاو لەدیدارت
هەرچەند دیدەم تۆی نەدیوە خۆشم دەوێی وەکو یارت

بوونت واتای بوونی من خۆشەویستی دڵ و گیانم
شانازی یە ئوممەتی تۆم بەیادی تۆ شادومانم

لەنێو خاکی کوردستانم یادت دەکەین بەپیر و لاو
گەرچی دوورین لەدووریت دا پێشکەشت بێ هەزار سڵاو

لەدایك بوونت مژدە بوو بۆ لەناو چوونی نەڤامی
ئێستا لەسایەت ڕزگارم بێ شك هەرتۆ پێشەوامی

بەخێر هاتی ئەی سەروەرم سروەی دڵی بڕواداران
یادی بەرزی بوونت دەکەین لەنێو لادێ و هەم لەشاران

٢٤-٢-٢٠٠٦ هەینی

# بۆ سەروەرم

نە ـ ئەنصار ـ یم نە ـ موهاجیر ـ
نە هاوەڵـم نەپێشینە
بەڵام زیاتر لەخۆم ئازیز
خۆشم دەوێی
پڕ بەناخی ئەم زەمینە
ئەی میوانی باوەشی شاری مەدینە
ئەوینی تۆ
وڵاتێکە لەنێو سینە
هەر تۆی سەرکردە و ڕابەرم
تاکو ماوم بۆ ئەم ژینە
هەر لەڕێتم
هەر بەڕێوەم
با بەرۆکیشم بەرنەدا
ئازار و ستەم و قینە
کەتۆ بەجامیٚ موحیببەت
میحنەتم بۆ دەشۆیتەوە

ئیتر بۆچی لەڕێ لادەم ؟!

بۆ دەست بەردەم لەئەم دینە ؟!

**٣٠-٣-٢٠٠٨ یەك شەممە**

# شنەی یاد

یادت ناخم ئاودێرەکا عیشقت بەهاری دەروونە
تاسەم هەردەم لەکڵپەیە کە بوونی تۆ هێمای بوونە

ئەی خەڵاتی کردیگارم خۆری ڕاوچی شەوی تاری
لەباوەشی خەزان دابووین کەتۆ چرۆت کردە دیاری

گشت ڕووناکی ئەم جیهانە لەڕووی تیشکت شەرمەزارە
بەبارانی تۆ ئاشنایە بۆیە بیابان پڕ گوڵزارە

خۆشەویستم خۆشم دەوێی گەرچی دووریت دیدارمە
ئەسرینی خەم دەمشواتەوە کە هیجرانی سەردارمە

کەشا ڕێگای تۆ بناسم مەنزڵ لەنێو هەنگاومایە
بەرە و دیدەت لەشەیدایم بەو ئەوینەی لەدڵمایە

من کەتینووی تیشکی نیگای پڕشنگداری تۆم ئازیزم
لەکانیاوت ساتێ دوورم بەرە و ڕووی زەردی پاییزم

فێرخوازێکی خوێندنگەی تۆم بۆیە دووژمن لێم دەترسێ
ڕێبوارێکی شا ڕێگەتم با بزانێ کێ دەپرسێ

ئەی سەروەرم سروەی شادیت هێنا بۆیە بەختەوەرم
لەباخی پڕ بەری ئیسلام بڕوێم دوورە هەڵبوەرم

لەسایەی تۆ خاوەن ڕێزم بۆیە من بڕیارم داوە
دەبێ ڕێبواری ڕێگەت بم تا گیان لەنێو جەستەم ماوە

گەرچی ڕێگاشم تەنراوە بەمەینەت و ژان و ئازار
بەڵام هەردێم ئەی ڕابەرم تا دەگەمە باخ و گوڵزار

ـ نوها ـ عەودالە بۆیە وا لەنێو گەروی پێنوسەکەی
هەست و سۆزی لەکڵپەیە سا شەفاعەت پێشکەشی کەی

٤-٢-٢٠٠٨ دوو شەممە

## یادی هیجرەت

لەهیجرانی خۆری دیدە دەکەین یادی هیجرەتی تۆ
لەئامێزی مەدینەدا بنیات نرا دەوڵەتی تۆ

دڵ دەسووتێ بۆ سووتانی دڵ لەهیجرەتی ناچاری
گڕی سۆزی خاکت هەڵسا ئەسرین لەچاوانت باری

کۆچت برایەتی هێنا ڕزگاری خستە نێو ژیان
لەپێشوازی بەتاسەوەن بۆ دیدەنی تۆی دڵۆگیان

ئەی ئازیزم کۆچت بوو بە سپێدەی ڕۆژی ڕۆشنایی
نەمامی باوەڕ باڵای کرد، پەروانە کەوتنە شەیدایی

شادی کەوتە نێو دڵانی هاوەڵانی مەدینەکەت
بووی بەخۆرێکی درەخشان ئارامی هێنا دینەکەت

ئەبوبکر یاوەری یار، ئەی یاری تۆ یار یاوەرم
هێمنایی خوا وا داباری دوژمن کوێر بوو بەسەرروەرم

جاڵجاڵۆكە و كۆتر بەجووت لەگەڵ كۆچ كەوتنە سەودایی
پیلانی نەدوە پووچەڵ بوو هاتە جێ ویستی خودایی

باوەشی سۆز و برایی ئاوەڵابوو بەئەم دینە
بوو بەچراخانی ئیسلام چەند سەر بەرزبوو مەدینە

منیش لەدووری تۆ ئازیز لەهیجرەتت ڕادەمێنم
بۆ دیدارت زۆر پەرۆشم چیمە با بیرێژن خوێنم

٣٠-١٢-٢٠٠٧ یەك شەممە

# تاسەی سەفەر

دڵ ئەویندارى سەفەرە ئۆقرە ناگرێ ئەی خودایە
بۆ دیدەنی کەعبەی پیرۆز ئاواتێکی بێ کۆتایە
دەسا خوا خۆت پێم کەرەمکە ئەو ئەوینەی لەدڵمایە
بمە میوانی ماڵی تۆ چیمە ماڵی ئەم دونیایە

بۆ هەتوانی زامی ناخم سکاڵام بۆ لات هێناوە
لەتاو دەردی هیجرانە وا ئەشکی چاوم وەك خوێناوە
دڵ وەکو بووریانە سینەگڕی تاسەی لێ هەڵساوە
ئەوینی ئەم گەشتە بەرزە لەدەرون شەپۆلی داوە

شادم ساتێ بێمە زیارەت ناوەستێ ئەشکی چاوانم
مەدینە من لەخۆی بگرێ ئەوسا نەمێنێ با ژیانم
لەئاوی زەم زەم بنۆشم ئاسوودەبێ دڵ و گیانم
لەمەککە تێر ڕابمێنم ئەوسا من زۆر شادومانم

ئەی خوداوەندی میهرەبان بێنەدی بۆم ئاواتەکەم
سەفەر ڕازی ناخی منە لەدەرگانەت داوا دەکەم
کەمن شەیدام بێ لەدیدار نی یە هەتوانی زامەکەم
بەگریان بێمە سەر گۆڕی پەیامبەرە ئازیزەکەم

١٩-١٢-٢٠٠٧ چوار شەمە

## تاقانەکەی بوون

ئەی پەیامبەری پێشەوا تۆ پێشەنگی بۆ ڕێی ڕاستی
پەیامی تۆ چرایە بۆ ڕێم تاکو بگەم بەسەربەستی

وەك خۆری گەش پڕشنگداری تاقانەکەی سەر زەمینم
کەلەژینی دووری تۆمە چۆن بەبێ تۆ شادبێ ژینم

گەر بەئەشکی چاوەکانم بۆت دەرنەبڕم سۆز و هەستم
چۆن بەخەندەی لێوی وشکم دێتە بوون ناخی مەبەستم

کەسانێ گەر ڕووی سەفەریان ئاڕاستەی داوی ڕاوچی بێ
دڵی من خاڵی لەبوونت دەبێ بوونی لەبۆچی بێ ؟!

کەتۆ ئێمەت لەهیچ کاتێ لەیاد نەچووە و لەیاد ناچێ
ڕوو زەردی یە ئەگەر ساتێ ناوی تۆمان لەدڵ لاچێ

من سەربازی پەیامی تۆم بەرابەریت زۆر ڕازیمە
لەم پێناوە ئازار و ژان چەندەی بۆم بێ شانازیمە

نازانم چۆن نزیك دەبیٚ ڕێگای دووری بیٚ ئەندازەم
لەم گێژاوی تاریکی یە کە ڕێبواری ئەم ڕێیازەم

عیشقت لەنێو دڵما هەردەم کانیاوێکە و لەتەقینە
ژیان بەبیٚ ئەوینی تۆ بیابانێکی گۆڕ نشینە

خۆشەویستیم حەقیقی یەو بەرە ولای تۆ لەڕێی دەنێم
بیٚ تروسکایی ڕۆشنایی خۆر چۆن بۆلای تۆ هەنگاو بنێم

دیدەم ئەسرین دەبارێنیٚ چونکە ڕووی ماهت نابینیٚ
بەو مەشخەڵەی کە داتگیرساند ناخم بۆلات خۆی هەڵدێنیٚ

ئەی ئازیزم تاکەی دووریت خۆراکی سفرە و خوانم بیٚ ؟!
دەبیٚ کەی بیٚ شەوقی ڕووی تۆ لەبەر چاوو لەژوانم بیٚ ؟!

هەردێم بەدوای بۆنی نوورت کەچی هێشتا هەر لێم دووری
تۆ ژیانت ژیاندەوە کە بژاردەی لای ((صەبوور)) ی

١٧-٤-٢٠٠٦ دوو شەممە

## تۆ پێشەوای

تۆ پێشەوای تۆ ڕابەری ئەی سەرکردەی ڕاستەقینە
تۆ ڕۆشنایی ناخ و دیدەی سووتاوە بۆت دڵ و سینە

بەتۆ گەشاوە باخی ژین بەهاری بوون سەری هەڵدا
تاکە خۆری پڕشنگداری ڕەوێنەری شەوی یەڵدا

دێم بەرە و نوورت بێ نوورت ڕێگا دوورە بێ ئەندازە
سەدان ئازار لە بۆسەنە سەخت و ترسە پڕ هەورازە

ئاسمان پڕ بوو لەجوانی تۆ زەمینت خستە بەختیاری
ئاشتی و ئارامیت هێنابوون تۆ مامۆستای تۆ سەرداری

لەژێر سایەی ڕۆشنایی تۆ بەسەر دڵان ئەوین باری
شەوگارت کرد بەسپێدە تاکە خۆری پڕشنگداری

دڵ بەئەوینت سەودایە بارانە بارانی وشە
وا دێم بەرە و ڕووناکی تۆژین بەخۆشەویستیت گەشە

١٥-١٢-٢٠١٥ سێ شەممە

## هەستی ئەوین

ئەی پێشەوای خۆشەویستم
خۆشم دەوێی پڕ بەویستم
ناخم سووتاوە بەعەشقت
عەشقت پڕی کردوە هەستم

هەردێم بەرە و ڕێت ڕێوارم
ڕێبواری ڕێگەی دژوارم
دێم بەرە و خۆری ئیسلامم
ئیسلام ڕووناکی کردارم

لەو ڕۆژەوەی تۆی لێ ونە
ونە بەختیاری ئەم بوونە
شادەی ئەوەی تۆی سەردارە
سەرداریت بۆ بەهەشت چوونە

خۆ دەزانم ئەی پێشەوا
پێشەوای بۆ ڕاستی و ڕەوا
پەیامەکەت تاجی سەرە
تاجی سەری دڵی بڕوا

من نەوەی صلاح الدینم
دینە بیلبیلەی ئەوینم
دێم تا دەگەمە کەوسەرت
کەوسەرت لێرە دەبینم

٧-٦-٢٠١٢ پێنج شەممە (٥)ی ئێوارە

## ئازیزەکەی دووره چاوم

بۆ نووری تۆیە دڵ ئۆقرەی لێهەڵگیراوە پڕژانە
لەدووری تۆیە چاو دیدەی لێڵە پڕ خوێن و گریانە

ئێستا زوخاوە خۆراکم، لەسەر خوانی دووری تەنیام
کە هەردێم و ناشتبینم ئێرەبێ ساباتی ژوانە

چ ناڵە و فوغانێ سازکەم، وەکو مەحشەر کە هەڵسابێ
دێم بۆ سەر حەوزی کەوسەرت، تۆم کە ئازیزی یەك دانە

فیرقەتی ڕووتە فیراقم، وەلێ ئوممەتی احمدم
سێدارەشم بۆ هەڵواسن، هەر تۆم سەرداری لەم ژیانە

دڵ کەوا بەستەی ناوت بێ، چلۆن چۆڵی دەکا ڕێگات
کە زوخاو شوناسی دڵ بێ، لەعەشقی تۆ لەسووتانە

هەناسەم هاواری هێنا، هێند کە سووتاوە لەدووریت
چاو سورمەی بۆچی یە ئیمڕۆ، لەدووریت وەك خۆڵەمێش وانە

من کەمیوانی مەغریبم، غوربەت ملی دڵمی گرتووە
هاتوومە بەرپرچی هەتاو، دڵ کەبۆت بۆتە پەروانە

دوورم لەباوەشی شارت، میحنەت لەئامێزی گرتووم
خەڵوز بۆتە پێڵوی چاوم، بەئاگری دووریت لەم ژیانە

بەلافاوی غەم خنکاوم، تەزیووە ڕۆح و هەناوم
ڕەشەبای ـ نەفسی ئەمماڕە ـ بەهەوای داوە خەرمانە

خۆ هەر دڵم لەلای تۆیە، ئازیزەکەی دوورە چاوم
گەرچی ئازار لەڕێی چاندووم، لەچۆڵی غەم خۆم دێوانە

٢٠١٢ گولان

## پەیامی دڵ

ئەی پەیامبەر خۆشەویستم نووری دیدەی هەردوو چاوم
لەتاو هیجرانی ڕووی تۆیە کزەی جەرگ و ڕووی شێواوم

هاتووم لەگەڵ تینی ئەوین پەیامی دڵم هێناوە
هێندە عەودالی ڕووی خۆرم چاوی شەوگارم تاساوە

ئەی مانگە شەوی دڵی شەو ئەی خورشیدی پڕشنگدارم
بێ تیشکی تۆ ڕوو لەکوێ بم دەسخەڕۆمە ئەی سەردارم

لەم سارای وشك و پڕخارە کانیاوی تۆم هەیە بۆیە
خاوەن باخی پڕگوڵزارم دڵ لەشەیدا و تامەزرۆیە

ئاگری دووری تۆ ئازیز سووتاندومی هەر بەجارێ
سینەگڕی لێ هەڵساوە بارانی چاو دادەبارێ

ڕێبوارێکی ڕێبازی تۆم تا ئەو ساتەی لەژین ماوم
دڵم فەڕشی هەنگاوێکتە و لەسێبەری تۆ ڕاوەم

تا هەم ئەویندارى تۆم من، بۆیە تەنها تۆم پێشڕەوى
ئەى بەها بەرز و خاوەن ڕێز لەنێو ئاسمان و سەر زەوى

ڕێگا دوورە ئەى سەروەرم هەر لەدوورى تۆ دەناڵم
هێشتاکەمە گەر پێشکەشت بکەم ماڵ و خوێنى ئاڵم

بەر لەوەى بێى لەخنکان بووین تاریکى بوو ئەم جیهانە
تۆ هەڵهاتى لەنیوە شەو ئیتر دونیا چراخانە

یادت بۆ کێڵگەى دەروونم بارانى نەرمى بەهارە
بێ ئەوینت بیابانە دڵ لەتۆ دوورى پڕ ئازارە

تاو ئەسێنێ گڕى سۆزم لەنێو دڵم چۆن سوکناى کەم؟!
ئامادەم بۆت پێشکەشى کەم هەرچى هەمە پێشەواکەم

من کەنەمدى وەکو تۆ بێ هیچ سەرکردە و هیچ ڕابەرێ
چرۆى نوورت بێتە دڵان پاییزیش بۆى بێ ناوەرێ

چۆن تەڕنەکەم خاکى بەر پێم بەفرمێسکى چاوەکانم
کە زۆرت دى ئازار و غەم خۆشەویستى دڵ و گیانم

شاری شیرین لەپێناو دین بۆ خواکردت ماڵئاوایی
چەندەی بگریم بۆ غەمباریت هێشتا ناگەم بەکۆتایی

گەرچی دووری ئەوینت لێم هەرنزیکە سەروەرەکەم
تا بمێنم بەندم لەژین ساتیێ ژوانت هیوا ئەکەم

مژدەی بانگی شادیت هێنا برایەتیت خستە جیهان
لەژێر سایەت بەختەوەرم تینی ئەوینی بۆ ژیان

چ پەیڤێك بۆت بێنمە حزوور ئەی خاوەن کەوسەری شیرین
کە لەژینی بیێ ڕووی تۆمە بۆتە پیشەمناڵەو گرین

دێم بەشوێنت کە ڕێبوارم شوێن پێی پاکت سەرنج ئەدەم
کەمن ڤوتابی زانکۆی تۆم تادوا هەناسەم ڕەنج ئەدەم

ئەی خۆشەویست خۆشەویستم خاوەن خوانی میهر و خەندە
چۆن بسرەوم لەم غوربەتە کەدڵ هێندە بەتۆ بەندە

کۆڵی قورسی ئازار و ژان خستە کۆڵت، کۆڵت نەدا
هاتە گەردن میحنەت و خەم هەر پێشرەو بووی لەم ڕێگەدا

ساباتێکت بۆژین هەڵخست ژیان ژانی خزاندە دەر
لەژێر سایەت دڵ ڕۆشنم کەتۆی شا شەمعی تیشکدەر

دەزانم زۆر ڕێگای سەختت بڕی، پڕ ئێش و نامۆیی
ئێمەش نامۆین وا دێین بەدوات پڕ بەسۆز و تامەزرۆیی

میهرێ بکە ئەی خاوەن خوان ببمە میوان زۆر پەرۆشم
دەهرێکە من غەم خۆراك و پەرێشان و بۆت نەخۆشم

کە هاتی، بوون هاتە ژیان لەرزی تەختی ستەم یەکسەر
تۆ باران و نەسیمی سۆز کەچی ئێشت گشت هاتە سەر

ئەی ڕێبوارە ماندووەکەی ماندوو نەبوو تۆی پێشەوا
کۆڵت نەدا بۆیە ئێستا تیشکی خۆرت وا لەشەوا

من کەپەروانەی شەمعی تۆم دەسوتێم و نەسوتاوم
بێ دیدەیی تۆیە کەوا دەڕژێ ئەسرین لەدوو چاوم

من کەنەبووم بەیاوەرت یاوەری تۆم لەم غوربەتە
من کەساوەی سایەی تۆمە نام وەستێنن چی میحنەتە

چۆن نەسوتێم وەکو قەقنەس کە لەنێو میحراڕبی دڵمای
بەڵام عیشقت ئارام بەخشە ئەی دڵ دەنا چۆن تۆ دەمای

ئیتر یادت هەر هاوڕێمە ناوت کە هێندە شیرینە
خۆشەویستیت وەکو باران ڕژاوەتە کاسەو سینە

بۆیە هێندە گوڵی باخم گەشە و هەرگیز هەڵناوەری
بەکانیاوی تۆ ئاودێرە بۆ مەنزڵیش تۆم سەروەری

ئیتر بۆچی ڕووبکەمە شەو لەڕۆشنایی چاودا نوێنم
خۆتۆ خۆری ئەی خۆری دڵ ئاوێتە بووی لەگەڵ خوێنم

کۆت و بەندی ئازارم من بۆ ئازارت لەزار ماوم
چۆن بمێنم کەتۆ نەمای با نەمێنیٚ منیش ناوم

لەگەڵ خوێنی تکاوی تۆ خوێناوە جەرگی خوێناوم
کەڕواوم لەم غوربەتە بۆ غوریەتی تۆ گریاوم

ئەی سایەی پڕ ئەوینی بوون سێبەر بەبوونت سازاوە
بنیاتتنا کۆشکی شادی چرای دەروون داگیرساوە

کەتۆ تەنیا دەنگی زولاڵ ئاوازی دا بانگەوازی
وەرنە ژێر ساباتی ئیسلام تاکو بگەن بەسەرفرازی

کە ئالاّی تۆ شەکایەوە چ ئالاّیەك وا ئالاّیە ؟
کەسەرکردەی کوا کێ هەیە وەك بەرزی تۆ بەبالاّیە ؟

هاتی دڕت بەشەوگار ناو هەڵدێرت برد بەرە و نەمان
ئافرەتت کرد بەخانم و ماڵت هێنایە جێی چاڵمان

بەخێرهاتی بەسەرچاوان ئەی شاگوڵی باخی زەمین
ئەی سپێدەی پڕ ڕۆشنایی ئەی ڕەحمەتەن للعالمین

لەو سەردەمی فەنابوونە تۆ ژیانت ژیاندەوە
بیر و هۆشی سەدان گەلت وەکو بەهار بوژاندەوە

لەسێبەری بەرنامەی خوا سفرەت ڕاخست بۆ گشت مەردووم
پڕ لەخوانی میهر و سۆزت منیش خەیاڵ بۆتۆی بردووم

لەئاسمانی جەور و ستەم ئیتر دادە لەسایەی تۆ
لەجێی جەنگ و ڕژانی خوێن برایی یە بەرنامەی تۆ

لەنێو دەریای ڕەشی تاوان تۆ کەناری ڕزگاری بووی
لەنێو دۆڵی تەنیایی و غەم بەرە و دوندی چیاوەچووی

ئیتر ئێستا لەدووری تۆ بۆ شەوقی ڕووت دەناڵێنم
لەکام گۆشەی تەنیاییما بەگریان دڵ داچۆڕێنم ؟

من لەپێناو دیدەنی تۆ وەکو باران ئەشکە ڕێژم
لەژێر ئەم ساباتی دووری یە تاڵە خۆراك غەم دەچێژم

بەکام جوانی وەسفت بکەم تۆ جوانتری لەم جوانی یە
لەعیشقی تۆ دەتوێنەوە خۆر و مانگ ڕووی تۆیان نی یە

قەلاّی بەرزی و هیممەتی تۆ بەپێنووسە بچکۆلەکەم
چۆن وەسفی دێ لەڕوو ئازیز شەرمەزاری بەدی دەکەم

تۆکە هێندە پایە بەرزی، بەرزیت هێشتا نەبینراوە
ئەوینی تۆ نیگارێکە لەنێو سینەم داکێشراوە

وا خەریکە بەهار بڕبا بەرە و پاییز بڕوەرێنێ
بەڵام هەرگیز هیچ زریانێ خۆشەویستیت ناژاکێنێ

ئیتر مێژوو هاو وێنەی تۆ هەرگیز بەخۆی وەنابینێ
بۆیە منیش جگە لەتۆ هیچ ڕابەرێ نام تاسێنێ

من کە ڕێگای سەختم گرتووە بەهیوای تۆ هەنگاو دەنێم
خودایە خۆت میهرێ بکە تا لەمەنزڵ بارگەم بنێم

خوا بڕبەخشە بەحەقیقەت تالای یاران بڕوێمەوە
بەدەم سەرابی ئەم ژینە وا خەریکە ئەتوێمەوە

جەفا نۆشی دابڕانم دابڕاوم مەکە خوایە
لەم ساباتی تەنیایی یە دڵ ئومێدی دیدەی تیایە

شادم کەوا چاو ڕۆشنم بەنووری تۆ ڕێم لەبەرە
ئەی سەروەرەم وتەکانت چەند شیرین و پڕ گەوهەرە

گڕی سۆزم دەمهەژێنێ نامسووتێنێ دەمتاسێنێ
بەدوو چاوی تەڕ تەڕمەوە کزەی جەرگم تاو ئەسێنێ

جارێ کەڕووت لەخەونیشا شوعلە نادا چۆن ڕوح نادا ؟!
بەهیوای ژوان چاولێك دەنێم کەهەڵدەستم بەبێ هودا ؟!

وا خەریکە ئەژنۆ هێزی تیا نەمێنێ بۆت نەمێنم
پێشکەشت بێ ئەم دڵەی من لەگەڵ ماڵ و گیان و خوێنم

کەلافاوی ڕەشی قینە شەپۆڵ ئەدا لەنێو مەزرا
کەبێ دەستم بێ هەست ماوم ئیتر ژیان بێ تۆ بێزرا

هەر ئەوەندەی پەیڤی عیشقم بۆت بخەمە ڕستەی ئەوین
تا لەمەنزڵ پێت شاد نەبین چۆن لەسەڕاب دا بسرەوین

جامی دەستت لێم ون مەکە ساقی کە بۆلای تۆ هاتم
لەتۆفانی گوناه دەرچم من کەهاتم بۆ نەجاتم

من بێکەسم تۆ کەسم بی خاوەن کەسم فریاد ڕەسم
لەسەر صیراطی موحیبەت هەڵوەدای تۆن دڵ و نەفسم

بڕژێ بەسەر گیانی بەرزت سڵاوی بەرز پڕ بەئەرز
لەدیدارت درود پێشکەش ئەی خاوەنی پایەی بەرز

دڵم پڕە لەئەوینت لەهەناوی خامەم دەڕژێ
گەر بەنوورت سەودا نەبێ پێنووسەکەم با بنێژرێ

ـ نوها ـ ناخی تاو دەسێنێ بۆت ڕابەری ڕێی ڕزگاری
ئاسۆ هەمیشە ڕوناکە چونکە تەنها تۆ سەرداری

١١-٣-٢٠٠٨ مامۆستایان

# خوناوەی خۆشەویستی

لەفەرهەنگی ناخم داخم
بێ سۆراغە خونچەی باخم
خەم خاوەنی خەوەنوچکە و
خۆم خوناوەی خۆت لەبۆ خۆم
خۆشەویستی خاس خانە خوێ
خەستەم خەتای خۆت خەم بەخۆی
خۆ خوراوە خانەی مۆخم
خۆشم خەریکە لەخەوم
داخ کەهێنای خوانی خەزان
خۆم لەخەم ژین
خۆشی خواستی لەخوا خەڵوەت
خرۆشاوە خۆشی ژوان
پڕ لەخوێنە دڵی خوێشان
خامەم خەناوکەی خەم لەخۆیە
ڕوخساری ئاخ و ناخی زووخاوە
باخەوانی باخی بەختەوەری
لەخورپەی خەندەی خۆش خوییت

خۆشم ویستووی

خۆزگە خاك ڕایەخم دەبوو

تا لەخزمەت خۆت هەندیاربام.

۱۹-۳-۲۰۱۰ پێنج شەممە

# هەڵوێست

دڵ ئیدی خۆی ناگرێ لەنێو سینە
پەنجەکانم هەڵدەوەرن گەر نەنووسن بۆت
سەروەرەکەم
تۆ لە لوتکە و ئەوان لەخاکدا دەگەوزن
تۆ لە دەریا و ئەوان لەزەلکاوا گێژن
تۆ ئاسمانی خاوەن خۆر و
ئەوان بەدڵی ڕەشی خۆیان
ڕەشتر لەشەو
ڕویان ڕەشتر هەڵگەڕاوە
تۆ نەسیمی بەر بەیانی بەختەوەری و
مژدەی ئاسۆی ئازادی بووی
بۆیە (قمە) پەلەقاژەی مەرگیەتی و
نازانێ خۆی بەکام تەلان دا هەڵواسێ
تۆ شەماڵی ئاسوودەیی و
نووری دڵی بێ سنووری
بۆیە وا ڕۆژگاری ڕونیان

شەوی ئەنگوستە چاوی مەرگە و
مەرگ بە بالآیان دەبڕێ
نەفرین بکەن .. لەوانەی وا دەڕشێنەوە
لەو چەتانەی پەنجە بۆ ئاسمان هەڵدەبڕن
نەفرین بکەن لەو سەگانەی
دەویان لە دەریامان دەنێن
ئێمە نوورمان لەسینەیە و لەباوەشی شەو ناخەوین
ئێمە ڕێمان لەکانیاوە و
بەدوای سەراب دا ناکەوین
نەفرین دەکەینە نێو چاویان
دەك هەڵ وەرن وەك پاییزی گەڵای داران

٢٠١١ گوڵان

## بەرە و مەدینە

بەرە و مەدینە هاتم    کە دەمێ بوو ئاواتم
میوانی تۆم سەرورەرم    بەرۆح و دڵ فیداتم

ئارامی یە ئەو شارە    بۆیە دڵ بێ قەرارە
بەباران هاتم بۆ لات    دووریت غەم و ئازارە

دەمێ بوو چاوەڕێ بووم    بەناخی غەم دا ئەچووم
دەسوتام بۆ مەدینە    شەو بەهیواوە خەوتوم

ئێستا شادم کە هاتووم    لەسەر چۆکەوە کەوتووم
بۆ زیارەتێکی شارت    ئەوینت دڵی بردووم

ئەی ڕەوزەی شیرینی من    ئارامگەی ڕەسولی من
هاتم بەڵام دووبارە    بەجێ ماوە دڵی من

کە دەچیتە مەدینە    دەزانی چەند شیرینە
ئەو شارەی بوو بەمەئوای    سەرکردەی ئەم زەمینە

٢٠١٩/١٠/٢١